

## حەیدەرییناما‌ەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری

ئەمڕۆ 13/1/2019 هەر چوار بەرگی [حەیدەرییناما‌ە]ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا مومتاز حەیدەریم بەدەست گەیشت .دەمێکە لە هەولێر دەرچووە و بڵاوکراوەتەوە . کاتێک زانیم دایکی کاروان نەخۆشە و لە هەواڵی تەندروستیم پرسی کاک مومتاز گووتی ئەو دیاریەم بۆ داناوی ئەگەر یەکێک یان خوشکان بۆت ڕەوانە بکەن و کێشەکەی هەشت کیلۆ و هەندێکە . هەر لە خەمی گەیشتنی ئەو دیاری یە گەوهەرە بووم بەڵام کەسم بۆ ئەو کارە بە باش نەزانی ئەرکەکەی بخەمە سەر . برادەرێک گووتی پۆستە لە هەولێرەوە دێتە ستۆکهوڵم ئەوەش ژمارەی تلفونەکەیە ، یەکسەرە تلفونم بۆیان کرد گووتیان دەبێت لە هەولێر بچنە ئوفیسەکەمان [مکتەبی هەولێر] و لەوێش زانیاری وەردەگرن .

خزمی خۆشەویستم کاکە [ عامر قادر ]م ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی پرسیاری پۆستم بۆ بکات پاش ماوەیەک گووتی بەڵێ هەیە و دە دۆلاریش هەر کیلۆی وەردەگرن . گووتم داوایەک هەیە بۆم جێبەجێ بکە و پارەش ئامادەیە بەڵکو بچیە لای کاک مومتاز حەیدەری و چواربەرگی کتێبەکەی بۆم داناوە و بۆم وەربگری و ڕەوانە بکەی دەکرێت یان بەلاتەوە گرانە . بەبێ دوو دڵی گوتی تەلیفونی بۆ بکە دەچمە خزمەتی . یەکسەرە تلفونم بۆکاک مومتاز کرد و خەبەری کردمەوە با ناسیاوەکەت بێتە لام و

بۆت دانراوە. کاکە عامر چووە ماڵی مامۆستا مومتاز و گەلێک وێنەی جوانیشی بۆ گرتم و کتێبەکانی بردە ئوفیسی ڕەوانەکردن و گواستنەوەی کەلوپەل .

رۆژی 18/11/2018 وێنەی کارتونی گرت و حەیدەرییینامەی دا بەو کەسانەی کەلوپەل بۆ دەرەوەی هەولێر رەوانە دەکەن . لێرەوە سوپاس بۆ کاکە عامر و دڵنیام کردەوە پۆستەکە گەیشت و هیچی تر خەم نەخوات . سوپاسی مامۆستا مومتاز حەیدەری م کرد و وێنەی کتابەکانیشم بۆ ڕەوانەکرد . داوای کرد بە تێروتەسەلی نووسینەکی دەربارەی بنووسم و بۆی رەوانە بکەم .یەکە یەکە بەرگی کتێبەکەم هەڵدایە و سەیرم کرد چ کارەکی پیرۆزە کاک مومتاز لە ئاهەنگی هەشتاساڵەی لەدایک بوونی پێشکەشی کتێبخانە و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی کردووە .

لە کاتژمێر دەونیوی بەیانی هەتا شەش و نیوی ئێوارە خەریکی دەورکردنەوەی ئەو بەرهەمە پیرۆزە بووم . مەلەوان لە دەریا ماندوو نابێت بۆیە خۆشەویستی منیش بۆ کتیب و هوردکردنەوە ماندوو بوونم پێ نابەخشێت و چێژ و خۆشیم پێشکەش دەکات .

ئەو هەموو ناوانەی کە کەس بە بیری نایەتەوە و یان لەبیرکراوە چۆن هاتۆتە ناو ئەو گەنجینە و چاوی خوێندەواری کوردی پێ ڕووناکدەبیتەوە . ئەو وەسیەت نامەی لەدواوەی کتابەکەی چاپی کردووە چۆن خوێنی خستە چاوانم کە بەداخەوە کوردە فەقیر چەند مردوو پەرستە و لەکاتی ژیاندا ڕیز لە بەهرەدار و هونەرمەند و نووسەر و تێکۆشەر ناگیرێت کەچی لە مردن و لە چلەی ڕۆڕۆی بۆ دەکرێت و شان و باڵی بەرینتردەکرێت . وای چ کولتورەکی سەقەت و بێ مانامان دروستکردووە کە لەهی هیچ میللەتێک ناچێت . ئەو چواربەرگە حەیدەرییینامە یە  بەرگێکی جوان و کاغەزی جوان و ڕەنگی جوان و چاپی جوان .

پرۆژەیەکی یەکەمینی سەردەمی تازەی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت هیوادارم ئەو کارەش تەواو بکات و بە ئەرکی نەزانێت بیخاتە ناو جیهانی ئینترنێت بۆ ئەوانەی لە دەروەی کوردستان دەژین وێنە و ناو و ژیانی لەدایک بوون و زانیاری دەربارەی کەسایەتی و بڵاوکراوەکان بە ئاسانی بەدەستیان بگات و سوودی لێوەربگرن ، کە دەزانم بۆ زۆر کەس سەختە هەشت کیلۆ و نیو کتاب لەگەڵ خۆی بهێنیتە دەرەوە یان ڕەنگە گران بکەوێت بۆ خوێندکاری هەژار بۆ ئەو قوتابیانەی باری دارایی یان کەمە و لە

ناوچەی جیاجیا دەژین ڕەنگە نەتوانن بەدەستیان بگات بەڵام بە دابەزاندنی لە ئینترنیدا بە ئاسانی دەبینرێت و دەخوێندرێتەوە . تەمەنت درێژبیت و دوو هەشتا ساڵی تریش بۆمان بژیت هەتا بەرهەمی زیاترمان پێشکەش بکەیت . ئەوەی بۆمن دەمینێتەوە بڵێم کە دەستت خۆش و لە کتێبخانەکەم وەکو چرا داماناوە و ڕووناکی دەبەخشێتەوە . مامۆستا مومتاز خەرمانت بەرەکەت و هەر تەندروست بیت .

فەهد گردەوانی 13/1/2019 ستۆکهۆڵم